# بەهۆی قسەکردنی بە زمانی کوردی... چەند تورکێکی ڕەگەزپەرست هاوڵاتییەکی هەرێمی کوردستان دەکوژن

گروپێک لە تورکەکان, حەکیم لوقمان هاوڵاتی هەرێمی کوردستان بە چەقۆ کوشت کە باوکی سێ منداڵە و تەمەنی 45 ساڵە و باوکی سێ.

وردەکارییەکان دەریدەخەن کو "حەکیم لوقمان" لە ئیمارات نیشتەجێیە و خەڵکی شارۆچکەی کەلەکچی لە سنووری پارێزگای دهۆکە، بڕیاری داوە بچێتە ئەستەنبوڵ و تەنها بە مەبەستی کارکردن سێ ڕۆژ لەوێ بمێنێتەوە.

بەگوێرەی زانیارییەکان، حەکیم لوقمان کە بە تەلەفۆن بە زمانی کوردی قسەی دەکرد لە بەرامبەر شوێنی نیشتەجێبوونی لە ئیستەنبوڵ، کۆمەڵێک گەنجی تورک لە تەنیشتیەوە بوون لێیان دا و چەقۆیان لە ناوەڕاستی دەی دا و حەکیم دەستبەجێ گیانی لەدەستدا و ئەمەش لە ناوچەی (ئەکسارای) لە شاری ئەستەنبوڵ ڕوویدا و دەرکەوت کە ژمارەی ئەو ڕەگەزپەرستانە کە ئەو هاوڵاتییە کوردەیان کوشت نزیکەی 12 کەس بووە.